# 8ی مارسی ئەمسال و قسەیەك لەگەل ژنانی کوردستان..

سەوسەن سەلیم
Sawsan.s@ukonline.co.uk



8 مارس رۆژی جیهانی ژنان بەریوەیە، ئێمەی ژنانی کوردستان وەك هەموو ژنانی دونیا، ئەمرۆژە بۆمان رۆژی هەلبرینی دەنگی نارەزایەتی و ئیعترازە بەرووی نابەرابەری و بیٚ مافیەك کەلەکۆمەلگادا بەرەو رووی ئێمە ژنان بۆتەوە. 8 مارس بۆئێمە ژنانی کوردستان رۆژێکە بۆداکۆکیکردن لە حورمەتی ئینسانی و پێداگری لەسەر ئەوەی کەئێمەش ئینسانین و دەبیٚ دەسەلات و یاسا و سەرجەم کۆمەلگا مافەکانمان وەك هاولاتی‌یەك بەرەسمی بناسێنن.. بەلام ئەمسال ئێمە ژنانی کوردستان لەهەلومەرجێکدا بەبزوتنەوەی جیهانی 8ی مارسەوە پەیوەست دەبین کە کوردستان و عیراق لەگەل ئالوگۆری سیاسی و کۆمەلایەتی گەورە بەرەو رووە. سەرەکیترین خال لەم گۆرانکاریانەدا سازدانەوەی دەولەت و نوسینەوەی دەستوری ولاتە.

ئەگەر یەکیتی وپارتی دەنگی خەلکی کوردستانیان بەبارمتە وەرگرت بۆئەوەی لەپەرلمان وحکومەتی داهاتووی عیراقدا جێگایان ببیٚ وپلەوپایە وەربگرن، دەبیٚ ئێمە ژنانی کوردستان یەخەیان بگرن و ناچاریان بکەین بەوەی‌کە دەبی دەستوری داهاتوی عیراق دەستورێکی عەلمانی بیت و لەسەربناغەی جیایی دین لەدەولەت و پەروەردەو فیرکردن دامەزری ودین وەك ئەمریکی تایبەتی ئەفراد سەیری بکری. هاوکات دەبی فشاریان بۆبینین وناچاریان بکەین بەوەی کە مافی هاولاتی یەکسان بۆهەمووان بەبی جیاوازی رەگەز نەتەوە وئاین بەرەسمی بناسری و ئەمەش لەدەستوردا جێگیرببیٚ. ئێمە ژنانی کوردستان لەپال ژنانی عیراقدا چارەنوسی خۆمان لەدەولەت و پەرلمانی داهاتووی عیراقدا بەوە بەراورد دەکەین کە قانونی یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو بوارەکاندا بەرەسمی بناسێنی، هەربۆیە 8ی مارسی ئەمسال رۆژی خەباتی ناوکۆیی ئێمە ژنانی کوردستان وسەرجەم ژنانی عیراقە بۆجێگیرکردنی حکومەت و دەستور و یاسایەکی سکولار و سەلماندنی قانونی یەکسانی ژن و پیاو. ئەمە پیوانەی لایەنگری ئێمەیە لەهەرحکومەتێکی داهاتووی عیراق. هەردەسەلات و یاسایەك یەکسانی هەمەلایەنە بۆژنان بەرەسمی نەناسینی، دەسەلات و یاسایەکی پیاوسالار و دژی ئینسانی‌یە دەکەویتە بەرامبەر نارەزایەتی ئێمەی ژنانەوە.. لەیەك ووشەدا ئێمە نامانەویت ژیانی خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان بسپیردرێت بە دەسەلاتی شەریعەت و نەتەوە و داب ونەریتی خیلەکیتی. جیایی دین لەدەولەت و بووارەکانی پەروەردەو فیربوون دەبی ئیتر لەدەستوری ولاتدا جیگیرببیٚ و رێگەنەدری شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەك بیٚت بۆ دیاریکردنی ماف و ئازادی‌یە فەردی وکۆمەلایەتی‌یەکانمان. ئێمە ئیسلام و شەریعەتمان ناوی تا سایەبکاتە سەر یاساو دەستوری وولاتێك کە نیو سەدەیە ژنانی کردۆتە کویلەی مال و فەرهەنگی پیاوسالاری . ئێمە دەمانەویت ژنان وەك هەرهاولاتی‌یەك لەمافی یەکسان بەهرەمەندبیت، کەوایە خواستی ئێمە ژنانی کوردستان لەپال سەرجەم ژنانی عیراقدا، لەدەورەیەکدا کە دەولەت ودەستوری وولات پێناسەدەکریتەوە هاتنەسەر کاری حکومەتی سکولار وجیگیرکردنی قانونی یەکسانی‌یە.

بەلام کاری ئیمە ژنانی کوردستان بەمە تەواو نابیٚ بەتایبەتی کە ئەوە 13 سالە لەژێر سایەی دەسەلاتی خۆمالی دا ژیان بەسەر دەبەین، کەچی نەك هەر مافەکانمان بەرەسمی بۆ نەناسراوە بەلکو ناخۆشترین و دژی ئینسانی‌ترین تراژیدیایامان بەرەو رووکراوەتەوە. بۆیە لەرۆژی 8 مارسدا ئیمە ژنانی کوردستان دەبی بەداواکاری تایبەتی‌یەوە بیێنە مەیدانەوە و لەپێناویدا یەخەی دەسەلاتدارانی کوردستانی بۆبگرین.. لەریزی پیشەوەی ئەم داخوازی‌یەنانە دەبی بەهەمان شیوە داوابکەین قانونی بنەرەتی لەکوردستان دەبیٚ قانونێکی سکولاری نا دینی بێت، دەبیٚ دەستی ئیسلام

و شەریعەت لەسەر ژیانی ئیمە ژنان و سەرجەم کۆمەلگا کۆتای بێت، چونکە ئەوە ئیمە ژنان بووین کەزۆرترین قوربانیمان داوە و زۆرترین بەشمان لەمەینەتی وبی‌مافی دا بەهۆی ئیسلامەوە بردووە. ئیتر هیچ بەهانەیە بۆ یاسایەك ناخوا کە ئیسلام بکاتە سەرچاوەی خۆی لەچەشنی یاسای ئەحوالی شەخصی عیراقی.. ئیمە یاسای یەکسانی ژن و پیاومان دەوی و بزوتنەوەی ژنانی کوردستان دەمێکە بەم داخوازی‌یەوە لەگەل دەسەلاتدارانی یەکیتی وپارتی بەرەو رووە.

لەمەش زیاتر یەکیتی وپارتی لەبەرنامەی لیستی هاوبەشیاندا بەئیمەی ژنان بەلینیان داوە کە بارودۆخی ژنانی کوردستان باش بکەن.. ئیستا ئەوان پەنجەمۆری خەلکیان وەرگرتووە ومشتومری ئەوەیانە کە چ پلەوپایەیەك لە سەرۆك کۆمار و وەزارەتخانەکانی عیراقدا وەربگرن، بەلام ئیمە دەمانەویت چیتر ژنان بەهۆی نەبوونی ئازادی‌یەکانیانەوە خۆیان نەسوتێنن. بەهۆی ئەوەوە کە جل وبەرگی مەدەنی بپۆشن، یان ئارەزوو مەندانە زەواج بکەن و جیاببنەوە، وەیا ئەوەی بچنە دەرەوە و فلانە کارو کۆلیژ و .. هەلبژیرن نەکەونە بەردەم فشاری خیزانی و ناچار بەخۆکوژی نەکرین. دەسەلاتداران بەرپرسیاری یەکەمینن لەخۆسوتاندن و خۆکوژی ژناندا ئەوان دەبی هەموو ئازادی‌یەکانی ژنان بەرەسمی بناسێنن و لەیاسادا جێگیری بکەن. لەوەش زیاتر دەبی حکومەتی یەکیتی و پارتی بەرپرس بکرین لەبەرامبەر ئەوەدا کەکۆمەلگا قبولی کردووە توندو تیژی لەدژی ژنان بەرێوەببریت. دەبی یاسایەك دابنرێ کەهەرجۆرە سوکایەتی پیکردن و توندو تیژی‌یەك لەدژی ژنان بەتاوان بەحساب بێت و ئەنجامدەرانیان بەدادگاو سزای توند بسپیردرین..

کوشتنی ژنان بەبەهانەی ناموس و شەرەف .. ئەمە ئەو پەلامار وتیرۆریزمە کویرەیە کەتا ئیستا هەزاران ژنی کوردستانی بەبەرچاوی کۆمەلگاوە و لەلایەن براومێرد و باوکەوە بەمەرگێکی ناهەموار گەیاندووە. دەبی ئەم شەپۆلی ژن کوژی‌یە کۆتایی پێبیت. یەکیتی وپارتی و حکومەتەکانیان بەپرسی یەکەم و ئاخرن لەخولقاندنی تاوانەکانی کوشتنی ناموسی ژناندا. ئیمە ژنانی کوردستان چیدی تەحەمول ناکەین لەکۆمەلگایەکدا بژین کە پیاوان ئازادانە لوتی ژنان ببرن، جەستەیان لەسەر شەقامەکان بەبەرچاوی خەلکەوە شەلالی خوێن بکرین، لەحەمامی مالەکاندا زیندانی بکرین، لە ژوری مالدا قەسابی بکرین و بەپەتەوە هەلواسرین، بەپلایس و چەقو وخەنجەر گۆشتی گیانیان بپچریت.. ئیمە تەحەمول ناکەین و ئیتر بەسە .. بەسەو دەسەلاتی خومالی وکۆمەلگا شەرمەزاری ئیمە ژنانە.. بەراستی هیچ بەهانەیەك دەیخوات بۆ ئەم کارەساتانە!! ئاخر خۆنە هۆلاکۆ لەئارادابووە، نە پەیمانی سایکس پیکۆ و نە رژیمی بەعس و نەخولافای راشیدین!! بەسە ئیتر لەوە زیاتر نەنگی و بیحورمەتی بەژنان تەحەمول ناکەین، نامانەویت چیتر ببینە بابەتی رەشەکوژی و لاشەکانمان لەسەر شەقامەکان فرێ بدری... ئاخر ئیمەش ئینسانین، ئیمە مافمان هەیە وەك پیاوان لەحورمەت و دەسترۆیشتوی ئینسانی لەکۆمەلگادا بەهرەمەندبین.. 8ی مارس بۆئیمە ژنانی کوردستان دەبێ کۆتایی هێنان بێت بەتاوانەکانی کوشتنی ژنان.

هیشتا ئەمە هەموو ئەو خواستانە نی‌یە کەدەبی ئێمە ژنانی کوردستان لە8ی مارسی ئەمسالدا یەخەی دەسەلاتدارانی پێبگرین.. بەتایبەتی یەکیتی وپارتی و لیستی هاوبەشەکەیان لەکاتی هەلبژاردنەکاندا بەلێنیان بەئیمە ژنان دا بارودۆخی ژنانی کوردستان بگۆرن و چاکسازی پێکبهینن، بۆیە دەبی لە8ی مارسدا یەخەیان بگرین و ناچاریان بکەین بەوەی بەلینەکانیان جێبەجێبکەن، بەلام لەمبارەوە ئیمە داخوازای خۆمانمان هەیە، لەوانەش ئیمە دەمانەویت لەبووارەکانی کار ووەگەرخستنی هێزی ئامادەی بەکاردا ژنان لەریزی پێشەوە و بەکرێی یەکسان لەچاو پیاواندا بەحساب بهیندرین، ئیمە دەمانەویت یاسایەك بۆ مۆلەت دان بەژنان بەهۆی نەخوشی و دەورانی بارداری و منال بوون و گرفتەکانی تری ژنانەوە بەموچەی تەواو بەپێی پێوانەیەکی جیهانی بۆژنانی کوردستان بەرەسمی بناسرێت. لەبارەی باشکردنی ژیانی ژنانی دایکەوە کە یەکیتی وپارتی بەلێنیان داوە ئیمە ژنانی کوردستان داوەداکەین کەلەپێش هەموو شتیکەوە کاری نیو مال بەکار بۆمان بەحساب بێت. بەتایبەتی کەبەشی زۆری ژنان یەخسیری کاری

**بێسنور و بێ بەهای ناو ماڵە. دەبێ یاسایەك لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پەسەندبكرێ كەمووچەی تەواو بەهەموو ئەوژنانە بدات كاری ناوماڵ لەئەستۆیانە.. ئاخر چیبكەین ئیمە ژنان ئامادەین وەك پیاوان كاری نێو كارگەو دامەزراوەكان راپەرینین، بەڵام ئەوە دەسەڵات و یاساو فەرهەنگی پیاوسالاری و رژێمی ئابووری باوە كە كاری نێوماڵی بەسەر ژناندا داسەپاندووە و تەنها بەكاری ژنانە ئەیناسینی. ئیمە تەمەنێكمان بەبێ پاداشت و بێكری بەسەر بردووە و ئیتر تەحەمول ناكەین مێرد بنێرینە سەركار و منال بۆ دەولەت و كۆمەلگا پەروەردە بكەین و هێزی تازە بێنینە نێو مەیدانەوە و كەچی كەس نرخی بۆدانەنێت!! دەبێ ئەم هاوكیشەیە كۆتایی پیبێت. ئەگەر دەسەلاتدارانی وەك یەكیتی وپارتی ئیدعادەكەن ژیانی ژنان باش بكەن دەبێ كاری ژنانی نیومال بەرەسمی بناسن و بیمەی بیكاری و هەقی كاری ناومال مان پێبدرێ. بەپیچەوانەی ئەمەوە هەربەلینێك بەباشبوونی وەزعیەتی ژنان راست نییەو جێگای چاوپۆشی نییە..**

**8ی مارس رۆژی جیهانی ژنان بەرێوەیە .. ئیمەی ژنانی كوردستان لەمرۆژەدا دەبێ بەئاسۆیەكی رۆشنی خواستەكانمانەوە بێینە مەیدان. رۆژی 8 مارس رۆژی هەلبرینی دەنگی خەباتە لەپێناو نەهێشتنی نابەرابەری و ستەمێك بەسەر ژنانەوەیە.. لەم رێگایەدا ئیمە لەسەرتادا نین، لەمەیداندابوونی دەیان رێكخراوو رۆژنامە و كەسایەتی و دەزگای راگەیاندن نیشانەی ئەوەیە كە كۆمەلگا هەستیارە بەمەسەلەكانی ژنان.. ئەوەی ماوە ئەوەیە كە ئیمە ژنانی كوردستان یەككگرتوانە و ریكخراو بەدەوری خواستەكانمانەوە بێینە مەیدان و یەخەی دەسەلاتدارانی بۆ بگرین.. تەنها ئەمە رێگایە و هیچ كەس بەهانامانەوە نایە ئەگەر خۆمان بۆی تێنەكۆشین.. كەوایە بژی 8ی مارس رۆژی جیهانی ژنان لەپیناو ئازادی ویەكسانیدا..**

**2005/2/23**